

ژەنیار فەرزان
یاریزانی باسکەی تیپی ژیما

# پێویستە گرنگی بە وەرزشوانانی کچ بدرێت و لە گشت روویەکەوە کارئاسانییان بۆ بکرێت

تیپی باسکەی کچانی رێکخراوی ژیما یەکێکە لەو تیپانەی کە لە پارێزگای سلێمانی گرنگی بە یارییەکانی باسکەی کچان دەدات، رێکخراوەکەش بە ئامانجی پێشخستنی ئاستی یاریی باسکە لە لە شاری سلێمانی تیپێکی تۆکمەی پڕ لە یاریزانی بەتوانای لە تیپەکە کۆکردۆتەوە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بەم کچە یاریزانانە کێبڕکێ لەسەر ئەنجامی شایستە بکات لە خولی باسکەی کوردستان و عێراق، ژەنیار فەرزان یەکێکە لە کچە یاریزانە بەتواناکانی رێکخراوی ژیما و لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٢ی شاری سلێمانیە و قوتابیی قۆناخی یازدەی ئامادەییە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.



***لە نێو ئەم هەموو یارییە وەرزشیە بۆچی یاری باسکەت هەڵبژارد؟**

-لە تەمەنی منداڵیەوە لەیارییە وەرزشیەکانی قوتابخانە قوتابیەکی چالاك بووم، وە زۆر حەزم لە وانەی وەرزشی هەبوو، بەڵام هەستێکی تایبەتم هەبوو کە مامۆستا دەیگوت ئەمڕۆ یاری باسکەتان هەیە وەك بڵێیٚ لە داهاتوو خۆمی تێدا بدۆزمەوە.

*** ئاستی یاری باسکە چۆن دەبینی لە کوردستان ؟**

- بە داخەوە تا ئێستا لە کوردستاندا یاری باسکە وزۆربەی یارییەکانی تریش لە ئاستێکی خراپی هەیە، چونکە هیچ لایەنێکی پەیوەندیدار نییە هاوکار و پشتیوانی وەرزش بێت بەگشتی ئەگەر هەشبێت هەوڵی تاکە کەسییە.

*** چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە لە شارەکانی کوردستان بەرز بکرێتەوە؟**

-حکومەت بەتایبەت لیژنەی ئۆڵمپی کار لەسەر دروست کردنی یاریزان بکات لە تەمەنێکی زۆر بچووکەوە وەك قوتابخانەیە واتە چەند دانەیەك بکرێتەوە وەکو ژیما بۆ ئەوەی بتوانین لە داهاتوودا یاریزانی پرۆفیشناڵ دروست بکەین، وە هاوکاری یاریزانەکان بکەن کە بتوانن یاری کردن بکەن بە پیشەی ژیانیان، و کردنەوەی خول و پاڵەوانیەتی زیاتر بۆ هاندانی یاریزانەکان.











*** نەکردنەوەی پاڵەوانیەتی کاریگەری هەبووە لەسەر ئاستی یاریزانان بەگشتی؟**

- خول و پاڵەوانیەتی گوژمێکی تر دەدات بە یاریزان لە کاتی راهێنانەکانیدا و بەشداری کردن دەبێتە ئەزموونێکی باش بۆیان، بێگومان نەکردنەوەی پاڵەوانیەتی کاریگەری دەبێت لەسەر یاریزانەکان، بەڵام خۆشحاڵانە لە لای ئێمە لە ژیما بەردەوام خولی ناوخۆییان هەیە کە نەکردنەوەی پاڵەوانیەتی تا رادەیەکی زۆر کاریگەری لەسەر یاریزانانی رێکخراوەکەمان نەکردوە.

*** گرفتی وەرزشیی ئەم یارییە لە چی دەبینی؟**

- بەداخەوە یەکێك لە گرفتەکان کە دووچاری یاری باسکە دەبێتەوە ئەوەیە کە کارئاسانی ناکرێت بۆ کەسانی شارەزا وئەو کەسانەی بەراستی دەیانەوێ خزمەتی باسکە بکەن، بە پێچەوانەوە کارەکە بۆ ئەوانە قورستر دەکەن.

*** چی بکرێت بۆ ئەوەی کچان زیاتر روو لە وەرزش بکەن؟**

- بەرز کردنەویە ئاستی رۆشنبیری خێزانەکان بە پلەی یەکەم و کارئاسانی و پشتیوانی کردنی کچەکان.

*** دەستی بەرێوەبردنی رێکخراوی ژیما چۆن هاوکاریتان دەکەن؟**

- بەراستی بە شێوەیەکی سەرنج راکێش هاوکارمانن دڵسۆزانە و ماندوونەناسانە، چونکە ئەوەی ئەوان دەیکەن بە بێ بەرامبەر بۆ ئێمە لە توانای زۆر کەسدا نییە.

*** هیواو ئاواتت وەکو کچە وەرزش کارێك؟**

- هیوای یاریزانەکان بەگشتی کە بگەنە ئاستێکی بەرز ئەویش گەیشتنە بە هەڵبژاردەی عێراق، منیش بەدەرنیم لەم ئاواتە بەڵام من دووتر دەڕوانم بۆ دەرەوەی هەڵبژاردەی عێراق بۆ بوون بەیاریزانێکی جیهانی.

*** بەرنامەت چیە بۆ داهاتوو؟**

- بەردەوام بوونە لە فێربوون ووەرگرتنی زانیاری وبەهرەی زیاتر بۆ ئەوەی بتوانم کە گەیشتمە تەمەنێکی دیاری کراو هەموو ئەو شتانەی کە فێربووم لە باسکە و ژیانەوە بیگەینم بەو کچانەی کە لەدوای من دەیانەوێت بێن ببن بە یاریزان جا وەك راهێنەر بێت یان وەك مامۆستا.

*** بەهیوای ئەوە نیت هەڵبژاردەی کوردستان لە یاری باسکە دابمەزرێ؟**

- بەدڵنیایەوە ئەوە ئاواتی هەموومانە.

*** بەچ یاریزانێکی جیهانی سەرسامیت لەم یارییە؟**

- سەرسامم بە یاریزان(OianaTaurasi) یاریزانی (wnba).

*** لە هیچ یانەیەك گرێبەستت پێشکەش نەکراوە؟**

-نەخێر

*** لە رووی کۆمەڵگاوە تاچەندە پشتگیری وەرزش دەکرێ؟**

-بەرێژەیەکی کەم، بەڵام خۆشحاڵانەلە بەرەوپێشچووندایە.

*** چی بە بەرپرسانی وەرزشی دەڵێی؟**

- هیوادارم بەرپرسانی وەرزشی چاوکراوە تر بن بۆ هاوکاری کردنی وەرزشوانان، وە ئەوانەی شایستەی ئەو بەرپرسیاریەتیە نین رێگە بدەن کەسانی تایبەتمەند وشایستە ئەو ئەرکە هەڵبگرن.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- سوپاس بۆ ئێوە و خوێنەرەکانتان هیوادارم بتوانن زیاتر خزمەتی بواری وەرزش بکەن، وە بێگومان سوپاسی ئەو کەسانەی کە رۆژانە هاوکارم بوونە بۆ بەرەووپێشچوون و بەردەوام بوون هیوادارم رۆژێك لە رۆژان هەڵبژاردەی کوردستان لە جامی جیهانیەکان بەشداربێت.



## ئارارات شەڕی بەدەستهێنانی نازناو دەکات

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی ئارارات ئەمساڵ لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان ئاستێکی باشی پێشکەش کردووە، لە نێوان یانە پێشەنگەکانیشدا هەفتە بۆ هەفتە کێبڕکێی بۆ بەدەستهێنانی خاڵ و نازناو زیاتر دەبێت، یانەی ئارارات ئەمساڵیش بە ئامانجی بەدەستهێنانی ئەنجامی گەورە لە خولەکە ئامادەکارییەکی باشی کردووە، لەم بارەشەوە ئەنوەر عەزیز راهێنەری تیپی تۆپی پێی یانەی ئارارات، بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «خولی نایابی یانەکانی کوردستان ئەمساڵ زۆر بەهێزە، ئێستا حەوت یاری ماوە بۆ تەوتوبوونی ئەم وەرزە و هەموو یارییەکانمان قورسە، وەکو دەستەی راهێنەرانیش بڕیارمان داوە شەڕی بەدەستهێنانی نازناو بکەین، لەم یارییانەی ماومانە دەبێ زۆرترین خاڵ بەدەست بهێنین، ئەمساڵ بەتەواوی خۆمان ئامادە کردووە و تیپەکەمان جێگیر بووە، لە قۆناخی دووەمیشدا هیچ گۆڕانکارییەکمان نەکردووە و تاکو ئێستا ئەنجامەمان باشە و لەگەڵ ئەوەشدا بەهاتنی یاریزانی پیشەگەری ئێرانی (نەوید خۆش ئاوا) کێشەی هێڵی بەرگریمان چارەسەر بووە و کەمترین گۆڵمان خواردووە، لەئێستاشدا هیچ کێشەو گرفتێکمان نەماوە و ئەو سێ تیپەی ئێمە کە یاریمان ماوە لەگەڵیان بریتین لە هەریەك لە (نەورۆز و پێشمەرگەی هەولێر و دهۆك) دوو یاری لە یاریگای خۆمانە و یەك یاری لە دەرەوەیە، بۆ ئێمە گرنگە کە بتوانین ئەنجامی باش بەدەست بهێنین، یارییەکان هەموویان قورسن.»



## محەممەد عەبدولخالق ئامانجی بەدەستهێنانی خولی عێراقە

ماوەی سێ ساڵە یانەی (کەرخ)ی شاری بەغدا گرێبەستی لەگەڵ یاریزانی کوردی شاری هەولێر (محەمەد عەبدولخالق) درێژکردۆتەوە بە هۆی ئەو ئاستە بەرزەی کە لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق پێشکەشی کردووە، ئەمساڵیش یەکێکە لە ئەستێرەکانی یانەکەیە خولی نایابی عێراقی، لەم بارەشەوە محەممەد عەبدولخالق بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بە ئامانجی بەدەستهێنانی ئاستی باشتر و نازناوی زیاتر لەگەڵ ئەو یانەیە، ئەمساڵیش گرێبەستم لەگەڵ یانەی کەرخ درێژکردۆتەوە، ئێستاش ئاستمان وەکو پێویستە و بۆ بەدەستهێنانی نازناوی خولی یانەکانی عێراقی و ریزبەندی پێشەوەی یانەکان، دەمانەوێ رکابەری لەگەڵ یانەکانی دیکە بکەین»، لە بارەی گرێبەستی دیکەیشەوە ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە یانەی شورتەی شاری بەغدا بەفەرمی داوای لێکردووە بۆ یاریکردن لە ریزی یانەکەیان، بەڵام ئەو یانەی کەرخی پێ باشتر بووە، چونکە ماوەیەکی زۆرە لەگەڵ ئەو یانەیەدا یاری دەکات و گرێبەستەکەشی هەمان گرێبەست بووە و شارەزاییەکی تەواوی لەگەڵ ئەو یانەیەدا پەیدا کردووە، گوتیشی: «وەکو یاریزانێکی کورد لەگەڵ یانەی کەرخ زۆر ئاسوودەم، ئەنجامەکانیشمان زۆر باشە و وەکو پێویستە، لەلایەن کارگێڕیی و هاندەرانی یانەکەشەوە رێزی زۆرمان لێ دەگرن، هەربۆیە بەردەوام دەبم لە ریزی هەڵبژاردەی باسکەی عێراقی و زۆریش ئاسوودەم کە لەم هەڵبژاردەیە یاری دەکەم، دەمەوێ لە پاڵەوانێتییەکانی داهاتووشدا بە شێوەیەکی باشتر دەربکەوم و ئاستی باشتریش پێشکەش بکەم». سەبارەت بە ئاستی باسکەی کوردستانیش محەممەد عەبدولخالق گوتی: «هیوادارم لەلایەن بەرپرسانی وەرزشییەوە پەرە بە ئاستی باسکەی کوردستان بدرێت، بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە زیاتر بەرز ببێتەوە، چونکە کوردستان خاوەن یاریزانی باش و بەتوانایە، کە پاشەرۆژێکی باشیان لێ چاوەڕوان دەکرێت، هیواخوازیشم گرنگی بە یاریی باسکە بدرێت و یانەکانیش گرنگی زیاتر بەم یارییە بدەن».



## ئاسۆ رۆستەم:

# دەمانەوێ نازناوی کوردستان بهێنینەوە سلێمانی

تیپی تۆپی پێی یانەی نەورۆز ئەمساڵ لە یارییەکانی خولی نایابی یانەکانی کوردستان بە شێوەیەکی ئاست بەرز دەرکەوتووە، یانەکەش چاوی لەوەیە کە بتوانێ ئەمساڵ لە یارییەکانی خولەکە ئەنجامێکی باش بەدەست بهێنێت، ئاسۆ رۆستەم یەکێك لە ئەستێرەکانی یانەکەیە کە ئەمساڵ لەگەڵ یانەی نەورۆز ئاستێکی بەرزی پێشکەش کردووە، وەك خۆی دەڵێت، لەم وەرزەدا ئامانجیان بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستەیە، لەم بارەشەوە ئاسۆ رۆستەم یاریزانی یانەی نەورۆز بۆ گۆڤاری گولان گوتی: «ئاستی یانەی نەورۆز ئەمساڵ زۆر باشە، یانەکەمان یەکێکە لە یانە بەهێزەکانی خولەکە و لەم وەرزەدا ئامانجی گەورەمان هەیە، لە یارییەکانیشدا ئەمساڵ شەش گۆڵم کردووە و نۆ ئەسێستم کردووە بۆ یانەکەم، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا خولی کوردستان ماوە و هەموو توانای خۆمان دەخەینەگەڕ بۆ بەدەستهێنانی نازناو و هێنانەوەی نازناوەکە بۆ شاری سلێمانی، لە یارییەکانیش ئاستمان زۆر باشە هاندەرانمان شاهێدی ئەوەمان بۆ دەدەن»، سەبارت بە ئاستی یایزانەکانیان و هێنانی یاریزانی دیکە بۆ ریزی یانەکەیان ئاسۆ رۆستەم ئاماژەی بۆ ئەوەکرد، کە ئەگەر پێویست بکات رەنگە لە یارییەکانی داهاتوودا یانەکەیان یاریزانی دیکەش بهێنێت، یانەکانیش ئەمساڵ ئاستیان زۆر باشە و هەر یەکە و هەوڵ بۆ ئەوە دەدات کە ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنێ و کێبڕکێ لەگەڵ یەکتری دەکەن، لەبارەی یارییەکانی داهاتووشیانەوە گوتی: «هەرچی لە توانامدابێ بۆ یانەی نەورۆز پێشکەشی دەکەم، بۆ ئەوەی بگەینە لوتکەی یانەکانی کوردستان، لەگەڵ ئەوەشدا سوپاسی کارگێڕیی یانەکەمان دەکەم، کە نەیهێشتووە و هیچ گرفتێکمان هەبێت و هەموو هاوکارییەکی ئێمەیان کردووە، بۆ ئەوەی ئێمەش بتوانین ئەنجامی شایستەتر لە یارییەکانی داهاتوو بەدەست بهێنین».




# لۆکاکۆ داهاتووی خۆی یەکلای کردەوە




رۆمێلو لۆکاکۆی یاریزانی یانەی مانچستەر یۆنایتد سەبارەت بە هەموو دەنگۆکان لەسەر خۆی و یانەکەی هاتەدەنگ.

لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەنووسان لۆکاکۆ گوتی، ماوەیەکە چەند دەنگۆیەکی جۆراوجۆر لەسەر من بڵاوکراووە، بەڵام هەموو ئەو دەنگۆیانە دوورن لە راستییەوە و من هیچ کێشەیەکم لەگەڵ یانەکەم و یاریزانانەدا نییە.

لۆکاکۆ دەڵێت، من هیچ کێشەیەکم لەگەڵ پۆگبادا نییە، پۆگبا برای منە، زۆر جار دەمەقاڵێ و گفتوگۆ درووست دەبێت، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە، کە کێشەمان هەبێت، هەروەها سەبارەت بە رۆیشتنیشی لە یانەکەی رۆمێلۆ گوتی، من لێرە دڵخۆشم هەموو یاریزانێک تووشی هەڵکشان و داکشان لە ئاستیدا دەبێتەوە، بەڵام ئەوەی گرنگە من لێرە دەمێنمەوە و لەگەڵ یانەکەم و هاورێکانم دڵخۆشم.





# ئینگلیزییەک دەبێتە گرانترین یاریزان

یانەی مانچستەر یۆنایتد نزیکبووە لە گەورەترین گرێبەست لە مێژووی یانەکەی. ڕۆژنامەکانی بەریتانیا بڵاویانکردووە یانەی مانچستەر یۆنایتد دەیەوێت تاوەکو زووە بە گرێبەستێکی گەورە جادۆن سانشۆی یاریزانی یانەی بروسیا دۆرتمۆند یەکلایی بکاتەوە.

بەهۆی بەرزی نرخی ئەو یاریزانە یانەی پاریس سانت جێرمان لە کڕینی پاشەکشەی کردووە، بەڵام مانچستەر سوورن لەسەر گرێبەستکردن لەگەڵ ئەو یاریزانە ئامادەن داواکەی دۆرتمۆند قبوڵبکەن و بڕی ٧٠ ملیۆن پاوەندیان بەدەنێ

ڕۆژنامەکانی فەرەنساش بڵایانکردووە، لە ئەگەری هاتنەوەی پاریس بۆ ئەم گرێبەستە، ڕەنگە نرخی ئەم یاریزانە بگاتە ١٠٠ ملیۆن پاوەند، بەمەش دەبێتە گرانترین یاریزانی لە مێژووی یانەی مانچستەر یۆنایتد و گرانترین یاریزانی لاو لە خولی ئینگلیزی، کە تەمەنی تەنیا ١٨ ساڵە.

# کاسیمیرۆ باشترین دەستنیشان دەکات


کاسیمیرۆی بەرازیلی یاریزانی یانەی ریال مەدرید لە دیمانەیەکدا، کە لە ماڵپەری مارکای ئیسپانیا بڵاوبۆوە ستایشی یاریزانێکی بەرشلۆنە دەکات و جەخت لەوەش دەکات کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ یەکێکە لە باشترین یاریزانەکانی مێژوو، دەشڵێت: زۆر دڵخۆشبووم لە ماوەکانی رابردوو هاوشانی کریستیانۆ یاریم کردووە.

کاسیمیرۆ لە دیمانەیەکدا رۆژنامەوانیدا ستایشی نێیمار دا سیلڤای بەرازیلی دەکات و بە باشترین ئەستێرەی ئەم سەردەمەی وڵاتەکەی وەسف دەکات، گوتیشی: لە ئێستادا بەهێزەوە خۆمان بۆ پاڵەوانێتی کۆپا ئەمریکا ئامادە دەکەین.

کاسیمیرۆ گووتی: زینەدین زێدان بە نموونەی بەرزی خۆم دەزانم لەگەڵ هەریەك لە ماکالیلی و ماورۆ سیلڤا.

کاسیمیرۆ ئەو گۆڵەی، کە لە یاری کۆتایی خولی یانەکانی ئەوروپا بەرانبەر یوڤێنتۆس تۆماری کرد بە جوانترین و بە نرخترین گۆڵی کاروانی وەرزشی خۆی وەسف دەکات.

لە بارەی باشترین راهێنەر لە نێوان مۆرینهۆ، ئەنچیلۆتی، بێنێتیز، زێدان، لۆپیتیگی و سۆلاری، کاسیمیرۆ گوتی: هەریەك لەم راهێنەرانە کەسایەتییەکی جیاوازیان هەیە، بەڵام پەیوەندی من لەگەڵ زێدان لە هەموان جیاوازتر بوو، هاوشێوەی پەیوەندی نێوان باوك و کوڕ بوو، بەڵام سۆلاری بە یەك ئاست مامەڵە لەگەڵ سەرجەم یاریزانەکان دەکات و جۆلیان لۆپیتیگی راهێنەرێکی زۆرباش بوو، بەداخەوە نەیتوانی بەردەوام بێت، ئەو کاتێك لە پۆرتۆ بوو زۆر یارمەتی منی دا.



کاسیمیرۆ گووتی: بۆسکێتس یاریزانی بەرشلۆنە لەو شوێنەی یاری تێدا دەکات باشترین یاریزانی جیهانە تەنانەت لە ڕووی پچڕاندنی تۆپەوە لە منیش باشترە، جیا لەوەش هەریەك لە پۆگبا، کانتی و جۆجینیۆش ٣ باشترین یاریزانی هێڵی ناوەراست بوون بۆ پچڕاندنی تۆپ و راگرتنی هاوسەنگی تیپەکەیان.

کاسیمیرۆ لە وەڵامێکی دیکەدا گوتی: بەڵێ من خاوەنی پێگەیەکی باشم لە ریال مەدرید، ڤینیسیۆس جۆنیۆری هاونیشتیمانیشم لە ماوەی ٣ ساڵی داهاتوودا دەبێتە باشترین یاریزانی جیهان.